کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-4-2007 15:01 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# وەلامێک بۆ بابەتی (بۆئەو مندالانەی کە ئێمەیان بەجێهێشت... نابێت بی دەنگ بین لە وەزیری تەندروستی) ... سەربەست ئاکرەیی

سەرەتا داواکاری بۆ بەدیهێنانی مافەکان کارێکی رەوایە لە کۆمەڵگای مەدەنی و هاوچەرخ میدیا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی گرووپی فشارن لەسەر حکومەت و ئەوانەی پێیان دەگوترێت (صناع القرار) (دروستکەری بڕیار)، بەلام داخوازی و ئەوانەی داکۆکی کردن لە مافەکان شێواز و ئالیەتی خۆی هەیە کە بریتیە لە گەیاندنی پەیامەکان دوور لە ناوزڕاندن و بریندارکردنی کەسایەتی و تەشهیرکردن، بەلام بەکارهێنانی ناوی (کاک زەریا عوسمان لە شوێنی) (دکتۆر زریان عوسمان) و (خەستەخانەکان هینی باوکی بێت) و (نەخۆشی و نوقستانی لە شەخسیەتیدا هەیە وە هەست بە کەمئەندامیەتی دەکات لە دەروونیەوە) و (ناگونجێت بۆ ئەم کارە) (مەسئولەکەی کە دایمەزراندوە بەم کارە بزانێت، توشی شەرمەزاری دەبێت) و (وەك تۆپ هەڵیان دەپەرێنێت) ئەم جۆرە نوسەر و رۆژنامەنوسانە تاکو ئێستا نوقستانیان لە رێزمان و دارشتنی بابەت و نوسینی زمانی کوردی هەیە، کەسایەتیان نەخۆشە ئەگەر نا، بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەو جۆرە قسە بازاریانە تەنها لە کەسانێك دەوەشێتەوە کە نۆکەر و بەکری گیراوبێت، لەهەر شوێنێك پارچە نانێکی بۆ تێهەڵبدرێت کلکە لەقە دەکات وەکو (هەلۆ) دەنا کەسایەتی بەرێز (د. زریان) چ لە رووی فیکری و رۆشنبیری و بروانامەی زانستی و پیشەیی تەنها دکتۆرای لە پزیشکی نیە بەڵکو دکتۆرای لە کوردایەتیش هەیە، وە داوا لەم سایتە دەکەم بەبی بەڵگە هەموو شت بلاونەکاتەوە. وەکو هاولاتیەکیش دەمەوی تیشك بخەمە سەر چەند راستیەك لەسەر خەمخۆری (د. زریان) بۆ بە هاناوە هاتن و فریاکەوتنی مندالانی کوردستان هەر لەسەردانیکردنی بۆ ولاتی ڤاتیکان و بۆ داواو داکۆکی کردنی لە قەداسەتی پاپا و دەسەلاتدارانی ڤاتیکان بۆ هاوکاریکردن و یارمەتیدانی نەخۆشەکان بەگشتی و بە تایبەتی شێرپەنجەی مندالان و نەخۆشیە ئالۆز و ترسناکەکان کە لە هەموو دیمانە و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتی و خێرخوازیەکان و لایەنی پەیوەندیدار مەلەفی ناردنە دەرەوەی مندالە نەخۆشەکان لە ئەولەویەتی وەزیری تەندروستی بووە، ئەوتا ئەوەی من زانیومە لە سایەی کۆششی مرۆڤانە و نیشتمان پەروەرانەی (د. زریان)، تا ئێستا سەد و سی مندالە نەخۆشی کورد کە چارەسەریان لەم وولاتەی خۆمان تا رادەیەك ئەستەم بووە، رەوانەی ئیتالیا کراون و چارەسەریان بۆ کراوە. ئەمەو هەر کۆششی و ماندوونەناسی (د. زریان) بوو کە سەر لەنوی لیژنەی تایبەتی بە ناردنە دەرەوەی ئەو نەخۆشانەی چارەسەریان لێرە نیە دامەزرایەوە، ئینجا لایەنی کەسایەتی (د. زریان) خۆزگە دەخوازم (هەلۆ) رۆژێك لە رۆژان بە دیداری شادبووبایە ئینجا بۆی دەردەکەوت کی خۆ بەزل زانە، (د. زریان) یان ئەو ئاغا و گەندەلانەی کە ئەو فرمێسکیان بۆ دەرێژێت.

ئینجا لە رووی کارگێر ئەو داهێنان و ئەفراندنەی کە (د. زریان) رۆژانە دەیخاتە کەرتی تەندروستی هەر لە دەرکردنی بریاری شاندکردنی پزیشك و کارمەندانی بەهاوتەرییی یەکتر و دیاریکردنی پارەی نۆرینگە تایبەتی و نەخۆشخانە ئەهلیەکان و مامەڵەی دروست لەگەل کێشەی نۆرینگەی کۆلانان راگرتنی هاوسەنگی نێوان پزیشك و کارمەندانی تەندروستی و کردنەوەی دەرگا لەسەر داواکاری و پرۆژەکان کە لە لایەن خەڵکی دلسۆز و رێکخراوە مەدەنی و دەزگا راگەیاندنەکان بۆی بەرز دەکرێتەوە، ئەمانە هەمووی شاهێدی ئەوەن دوا رۆژێك چاوەروانی (د. زریان) دەکات رابردووی گەندەلکاران ریسوا و زەبوون دەکات بۆیە خەڵکی هەست بە گۆرانکاری دەکات لەسەر دەستی وەزیری تەندروستی کە جێگای (فریاد رەسی – بەهانا هاتن) ی بینیوە، هەربۆ نموونە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان سەنتەری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چارەسەری قەستەرە دابمەزری و هەر هەوڵ و کۆششی ئەم زاتە پیرۆزەشە کە بووە مایەی دروست کردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەتی بەبریندارن و زیان لێکەوتوانی چەکی کیمیایی، هەروەها لە ڕووی ڕێکخستنی کارەکان یەکەم وەزیرە نرخ بۆ دیدنگا پزیشکەکان دابنی و پزیشکی سەرپێچی کار نەك لەدیدنگا بەڵکو لەکەمتەرخەمی بەرامبەر بەنەخۆش سزا بدات، هەر لە سەردانیکردنی ئاوارەکانی کەمپی مەخموور و ناوچەکانی باڵەکایەتی و شوێنە زیان لێکەوتووەکانی باو و بۆران و لافاو و سەرادنیکردنی کەرکوك لە حاڵەتی تەقینەوە و کارە تیرۆریستیەکان و ئامادەبوونی لە خۆشی و ناخۆشیەکانی گەلەکەی دریغی نەکردووە و ماهیەتی ئەم بەڕێزە بوویتە مایەی نیگەرانی ئەو کەسانەی کە لە کورسی دەترسن و بە هەزاران پاڕانەوە و ماستا و چیەتی پۆستیان وەرگرتووە، نەك (د. زریان) کە بەتەکلیف و داوای سەدان کەسی دڵسۆز لەسەرکردایەتی کوردستان بۆ ئەم پۆستە هەڵبژاردراوە چونکە بەڕاستی دەریخست کە (هەڵبژاردەیە) لە کوردایەتی و مرۆڤایەتی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.